نــزا

هۆ پیرەژنە برژاوەکان.. هۆ دیلە پشت کۆماوەکان.

ئەی ئەوانەی لە گریان زیاتر ..

زمانێکیتر .... نازانن..

لەمەودوا.. گەر سینەی رووت و مەمکی وشکەوەبووتان..

بۆ بۆشایی ئاسمانێکی لێڵا و تاریك دەکەنەوە..

کە هاوار دەکەن.. دەپاڕێنەوە..

داوابکەن..

هەر چوار وەرزی ئەمساڵا هەر زستان بێ

هەر بروسکە و لێزمەی بەخوڕی باران بێ

تکا بکەن..

بەقەد ئاهو نوزە و نزا و ناڵە و گریەی نیوەشەوتان..

ئاسمان وەك هەتیوێکی دڵا سارد و بەجێماو

جێماوی ناو شارێکی پڕ کەلاوەی رووخاو

بەخوڕ بەسەرتانا بگری

تکا بکەن..

پێغەمبەرێك لەخەو رابێو.. دەست بەم بانە تەپیوەدا بگرێ

هەرچەندە ئێوە هانا بۆ ئاسمان دەبەن..

پتر و پتر..

چۆلەکەی مردوو سەر شەقامەکان پڕ دەکەن..!

ئەی ئەوانەی..

شەوانە خەون بە گۆڕ و سێدارەوە دەبینن..

تکا بکەن.. هەر چوار وەرزەکە زستان بێ

با بەفر و باران و زریان بێ

تا دەروونی وشکتان بشواتەوە

زەوی تینووش ئاو بخواتەوە

ئەمسالا تۆز و خۆڵی گوناه..

سەربان و شەقام و کۆڵان و دارستانەکانیشی..

گرتۆتەوە

تکا بکەن هەر باران بێ و ..

قەتیش وشکی نەکاتەوە

گوناهی سەر قەڵا و گومەز و خاچ و کۆندڕەکان ..

چی دەیشواتەوە..؟

ئاخر رەنگی خوێنی رژاوی منالێك ..

بارانی هەزار سالێش ناییاتەوە ..!

تانەی سەرچاو و ژەنگی ددان ..

چی دەیشواتەوە؟

1982